## بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا(٤)

نووسینی: تاهیر عەلیار

*[[ **ڕوونکردنەوە و داوا**: زنجیرەی نامە و دۆکومێنت، وەرگیراو لە کتێبەکانی مەحموود مەلا عیزەت، ڕەنگە لە لایەن ڕێزمان و شێوەی نووسین و بەکار هێنانی وشە، لە گەڵ زمانی کوردی سەردەمی ئێستا جیاواز بێ، هەروەها ڕەنگە سەرەڕای ڕوونکردنەوەکانی نووسەری کتێبەکە، پێویست بە زانیاریی و ڕوونکردنەوەی زۆرتر بێ. ئێمە ناتوانین دەست لە زمانی کتێبەکە وەربدین، بەڵام ئەگەر زانیاریی باوەڕپێکراو لە لایەن شارەزایانەوە سەبارەت بە بابەتەکانی ئەم زنجیرەیە بگاتە دەستمان، بە ناوی نووسەر و سەرچاوەکەیەوە، بڵاوی دەکەینەوە.]]*

*وێڕای سپاس بەرپرسانی پرۆژەی بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا*

## دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان ، نامەو دوکۆمێنت(٧-٤)

### نامەی حەمەڕەشیدخان بۆ کومیتەی مەرکەزیی حزبی دێموکڕاتی کوردستان 13250224

هێزی دێموکڕاتی کوردستان لکی بۆکان. مەوزووع تفەنگ مەنتەقەی سەقز

ئیشارەیەبەنووسراوەتان 2438 ڕۆژی 13250222 :

هەموو ئەو شەخسانەی کەتفەنگیان لێ وەرگیراوەتەوەلەرۆژی شەڕەکەدا مشاهەدەکراون کەلەگەڵ هێزی عەجەمابوون . لەبەر ئەوەی کەلەعەمەل و حەرەکاتیان مەزنوونین موەقەتەن مقابل سەنەد سیلاحەکانمان لێ وەرگرتوونەوەو بەئوسوولی رەسمیاتی دائیرەداخڵی دەفتەر ئەمانەتمان کردوە، بۆ وەختێک کەتەئمینات واقیع بوو تەسلیم یان بکەینەوە.

ئەوڵەن ئەو تفەنگانەکەوەرگیراون ئەکسەریان پێنج تیری....... دوهەم ئێمەحزبمان لەمەنتەقەی سەرادا تەئسیس کردوەو بۆ ئەو دێهاتانەمان نووسیوەکەداخڵی دێموکڕات ببن ئەو هەلەتفەنگەکانیان بەبێ نوقسانیەت تەسلیم ئەکەینەوەئیللا لەحال حازرا بەهیچ وەسیلەیەک ئیعتماد ناکرێ کەتفەنگیان بەدەستەوەبێ و لەگەڵ دوژمنا کەبەفرسەتیان زانی پەلاماری هێزی دێموکڕات بدەن.جا ئەمەشتێک نیەکەخلافی ئاداب و نیزامی دێموکڕات بێ بەڵکوو ئەم کارەبەموافقی مەسڵەحەت و ئیدارەی دێموکرات و پێشکەوتنی ئامالی بەرزی عەسکەرییە، جا بەو موناسەبەتە وەتکایەئەم کارەبەشتێکی تەلەقی مەفەرموون کەخیلافی ئادابی رەعیەت پەروەری بێ و عەلاوەتەن ئێمەلەهەموو حالێکدانەزەرییەمان ئەوەیەکەنەزەر و تەبیعەتی ئەهالی جەلب کەین بۆ پێشڕەفتی کار و مەیدان نەدان بەمەعزووریت هایان . ئیتر بۆ مەعلوومات حەقانیەتی مەسەلەعەرز ئەکرێ.

فەرماندەهێز بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا

---

### نامەی میرحاج 13250224 بۆ فەرماندەی بەرزی مەنتەقەی بۆکان لەسەرکردەی لکی بارزانی لەئاخکەند

مەوزووع : دابەشکردنی سیلاح

1. ڕۆژی 13250225 29 دانەبۆمبی دەستی لەگەڵ 25 دانەبتڵی زیدی تانگ وەرم گرت لەکانگای هێز لەسەرا کەدابەش بکرێ لەسەر لکەکانی بارزانی .

2.ڕۆژی 250222 بەحوزووری هەموو سەرکردەکان ، لکەکانی 3،2،1وزۆر لەسەرچڵەکان و سەردەستەکان یەک بومبی دەستی لەگەڵ یەک بوتڵ زیدی تانگ بۆ نیشان دان و تەمرین و تەجرەبەهاویتران لەم مەجمووعە. باقی تەوزیع کرا بەسەر لکەکان وەکوو خوارەوە.

بومبی دەستی لکەکانی 1و2و3و4 هەر لکەی 7 دانە

بوتڵی زیدی تانک لکەکانی 1و2و3و4 هەر لکەی 6 دانە

بۆ مەعلوومات عەرز مقامتان ئەکەین.

سەرکردەی لکی بارزانی   میرحاج

---

**نامەی میرحاج 13250225 بۆ فەرماندەی بەرزی مەنتەقەی بۆکان**

لەسەرکردەی لکی بارزانی لەئاخکەند

مەوزووع : تەڵەبی ئەسلەحەو عتاد

ئەو ئەسلەحەو عتاد و ئەدواتی خوارەوەپێویستەبۆ لکی ئێمەخواهش ئەکەین ئەمر بفەرموون بۆ تەئمین کردنی چەندەزوو مومکین بێت بەگوێرەی مەوقفی حەربیی خۆمان

1. رەشاش (موسەلسەلی خەفیف) 2 دانەبۆ 3 دەستەکانی چڵی حەمەسالحاغا عەبدولعەزیز کەتازەئیلحاقیان کردوەو نیانە.

2. مەخازن(خەشاب) بۆ موسەلسەلاتی خەفیف 8 دانە.

3. ئالاتی ئیحتیاتی و پاک کردنەوەبۆ 3 موسەلسەلی خەفیف.

4. ئالاتی ئیحتیات وتەفکیک و پاک کردنەوەبۆ یەک موسەلسەلی گەورە.

5. بۆمبای دەستی 100دانەئەم سیلاحەزۆر بەنرخەبۆ هوجووم و دیفاع.

6. زین بۆ موسەلسەلی سەنگین و بۆسەنادیقی عتاد(لەسابڵاغ هەیە).

7. (ماسڵە) رۆن بۆ پاک کردنەوەی هەموو سیلاح .

8. فیشەکی موسەلسەل 1000 دانەو فیشەکی عادی 2000 دانە.

9. ئەدواتی ئیستحکام چەند مومکین بێ .

10. یەک یەستر بۆ هەڵگرتنی عتادی موسەلسەلی گەورە.

سەرکردەی لکی بارزانی     میرحاج

---

**نامەی حەمەڕەشیدخان بۆ مستەفا خۆشناو 13250227**

هێزی دێموکڕاتی کوردستان  لکی بۆکان

بۆ فەرماندەی هێزی بارزانی سەیداوا (لکی1) ئاغای مستەفا خۆشناو

مەوزووع : ئەلبەسەوفیشەکدان و ئیقتڕاع و سائری

جوابتانە

ئیشارەیەبەنووسراوەتان ژومارە28 و تەقریری رەقەم 2 رۆژی 13250227

1. لەبەر ئەوەی کەدەستوور نیەبۆ چوونەپێشەوەمان تکایەددان بەجەسارەتی خۆتانا رابگرن و لەو زوانەموافقی تەرتیبات و تەعلیقاتی خۆتان مژدەی چوونەپێشەوەتان بۆ وەرئەگرین بەڵام تا ئیستحسالی دەستوور لەجێگای خۆتان دەوام بکەن.

2. لەجوابی ژمارە29 رۆژی 13250227 تاندا بەفەقەراتی خوارەوەمسامەحەو ئکتفا بکەن.

آ. جاریَ تفەنگ مان بۆ نەهاتوەکەئەو پیاوانەتان بۆ موسەلەح بکەین. کەهەبیَ مەڕامتان بەئەنجام ئەگەیەندریَ.

ب. موتەعەدد نووسراوەبۆ پێڵاو جوابی قەتعی مان وەرگرتوتەوە. لەو رۆژانەدا پێڵاومان بۆ دیَ لەوازماتتان رەفع ئەکەین هیمەت بکەن بۆ تەحەمول.

ج. لەو رۆژانەفیشەکدانمان بۆ دیَ بۆتان ئەنێرم . نووسراوەبۆ گورەوی ئەڵبەتەئەویش لەگەڵ پێڵاوەکان وارید ئەبیَ.

ە. ئەنووسین بۆ کراس و دەرپیَ جا بزانین تەرویج نووسراوەکەمان ئەکەن یان نا؟

د. لەبەر ئەوەی کەحکومەتەکەمان تازەپێگەیشتوەبەدووری مەزانەکەئەبیَ مێزەر و پشتێندی پێشمەرگەکانت  هەروابیَ . وەکوو خۆت گوتووتەبەڵیَ منیش شەخسیەن ئەوەبەشەرم ئەزانم بۆ هێزی دێموکرات بەڵام ئەڵبەتەخۆت باشتر لەشتەکەئەگەی. ئیتر لەو میسالەخوشانەتان زۆرزۆر خۆش وەقتم.

فەرماندەی هیزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا

**درێژەی هەیە...**